Revolutionareis Union of Kurdistan

Central Committee

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی

# تاوانی تەحویلدانەوە و ئێعدامی رۆڵەکانی گەلەکەمان

بەپێی راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ٦ کەس لەو ٧ تێکۆشەرەی کە حەوت ساڵ لەمەوبەر لە ئۆکتۆبری ١٩٩٦دا، لە نزیك شاری هەڵەبجە، لە لایان چەکدارەکانی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە، بە پیلانێکی ناجوامێرانە گیرابوون و تەحویلی کۆماری ئیسلامی درابوونەوە؛ پاش تەحویلدانەوەیان ئێعدام کراون.

راستییەکی تفت و تاڵە کە نزیکەی ٣٠٠ تێکۆشەر و پەنابەری کوردی رۆژهەڵات لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٨دا بە فیتی کۆماری تیرۆر و تاوانی ئیسلامی ئێران و بەدەستی هێندێ لایەن و دەستە و تاقم لە کوردستانی باشور، تیرۆر یان تەحویلدرانەوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئێعدامی ئەو ٦ خەباتگێڕەی ریزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە لایان پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکوم دەکا. هەر لەو کاتەشدا سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لەو تاوانەدا بە بەرپرس دەزانێ و خوازیاری هەڵدانەوەی ئەو پەروەندەیە و پەروەندەکانی دیکەی تیرۆر و تەحویلدانەوەی خەباتگێڕان و پەنابەرانی کوردی رۆژهەڵات و ناساندن و سزادرانی تاوانبارانی تێکڕای ئەو کردەوە تێرۆریستیانەیە.

هیوادار و دڵنیاین کە درەنگ یان زوو جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە رۆڵەکانی گەلی کورد و گەلانی ئێران، دەبنە بەڵگەی دادگایی کرانی سەرانی ئەم رێژیمە و ئەوانەش کە هاودەست لەگەڵ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، دەستیان بەخوێنی باشترین رۆڵەکانی گەلی کورد سوور کردوە، رورەش و ریسوای بارەگای بەرزی میللەت دەبن.

بەم بۆنە دڵتەزێنەوە، سەرەخۆشی پێشکەشی بنەماڵە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە دەکەین و لەناخی دڵەوە هاودەردییان لەگەڵ دەردەبڕین.

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٣١ی خاکەلێوەی ٢٧٠٤**

**٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤**

www.kurdistannet.org

www.ruk2691.org
ruk2691@hotmail.com